# فیقهی ئاسان: پەرتووکی ڕۆژوو: دەروازەی دووەەم: ئەو عوزرانەی دەبنە هۆی ڕۆژوو نەگرتن لەگەڵ ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن

# الفقه الميسر: كتاب الصيام: الباب الثاني: في الأعذار المبيحة للفطر ومفطرات الصائم

< kurdish - كردي - کوردی >


دەستە بژێرێک لە زانایان

نخبة من العلماء



وەرگێڕانی: دەستەی بەشی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

ترجمة : فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# ئەو عوزرانەی دەبنە هۆی ڕۆژوو نەگرتن لەگەڵ ئەو شتانەی ڕۆژوو دەشکێنن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان وە درود وصەڵات وسەلام بۆ سەر محمدی کوڕی عەبدوڵا و ئال وبەیت و یار ویاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

ئەم ووتارە دوو بابەتی لەخۆ گرتووە : -

## بابەتی یەکەم : ئەو عوزرانەی دەبنە هۆی ڕۆژوو نەگرتن لە مانگی ڕەمەزاندا :

لەبەر یەکێك لەم عوزرانەی خوارەوە دروستە مرۆڤی موسڵمان لەمانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا ڕۆژوو نەگرێت :

**یەکەم** : لەبەر نەخۆشی و پیری وپەککەتوتەیی، دروستە ئەو نەخۆشەی کە ئومێدی چاك بوونەوەشی لێدەکرێت بەڕۆژوو نەبێت، جا کاتێك چاك بوویەوە دەبێت بیانگرێتەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَيَّامًا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ ﴾ [ البقرة: ١٨٤ ] .

واتا : ئەو ڕۆژوو گرتنە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوە کە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە، بەڵام ئەگەر یەکێکتان نەخۆش کەوت، یاخود کەوتە ناو سەفەر، ئەوە دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت و لەڕۆژانی دوای ڕەمەزاندا بە قەزا بیگێڕێتەوە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ ﴾ [ البقرة: ١٨٥ ] .

واتا : جا کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی (یان هەواڵی بینینی پێدرا )، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لەڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە .

ئەو نەخۆشەی کە دەتوانێت ڕۆژوو بشکێنێت نەخۆشییەکە کە نەخۆشەکە ناڕەحەت ونیگەران بکات ئەگەر ڕۆژوو بگرێت، بەڵام ئەو نەخۆشەی کە تووشی نەخۆشیەکی

وابووە كە ئومێدی چاك بوونەوەی لێناكرێت، یان كەسێكی ناتوانای وا كە نەتوانێت بە بەردەوامی بەڕۆژوو بیت، وەك پیر وپەككەوتەكان، ئەوا بەڕۆژوو نابن وڕۆژوو گرتنەوەشیان لەسەر نیە، تەنها هێندە هەیە كە دەبێت ( فدیة ) بدەن، ئەویش بەو شێوەیەی كە لەبری هەر ڕۆژێك ڕۆژوو خواردنی هەژارێك بدات، چونكە خوای گەورە لەسەرەتای فەرز بوونی ڕۆژووەوە موسڵمانانی سەر پشك كرد لەنێوان ڕۆژووگرتن و خواردندان بە هەژاران، بۆیە لەكاتی نەتوانینی ڕۆژوو گرتنیش خواردندان بەهەژاران دیاریكراوە لەسەر ئەو كەسانەی كە توانایان نیە .

ئیمامی بوخاری ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەڵێت : " **وأما الشيخ الكبير إذا لم يطق الصيام فقد أطعم أنس بن مالك بعد ما كبر عاما أو عامين كل يوم مسكينا، ال ابن عباس ليست بمنسوخة هو الشيخ الكبير والمرأة الكبيرة لا يستطيعان أن يصوما فيطعمان مكان كل يوم مسكينا** " [(1)] .

واتا : بەڵام پیاوی پیر وپەككەوتە ئەگەر هاتوو نەیتوانی بەڕۆژوو بێت، ئەوا ئەنەسی كوڕی مالیك دوای ئەوەی پیر بوو ساڵێك یان دوو ساڵ لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێكی دەدا، عەبدوڵای كوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) لەبارەی ئەو پیاو وژنە پیرانەی كە ناتوانن بەڕۆژوو بن ووتویەتی : با لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدەن .

ئەو نەخۆش و ناتوانایەی كە لەبەر پیری و نەخۆشی ئومێدی چاك بوونەوەیان نیە، دەبێت لەبری هەر ڕۆژێك خواردنی هەژارێك بدات كە بریتیە لە نیو صاع گەنم یان خورما یان برنج وهاوشێوەكانی لە قوتی سەرەكی ئەو شارەی تێیدا دەژی، ئەندازەی صاعیكیش دەكاتە ( 2،250 ) دوو كیلۆ و چارەكێك، كەواتە بۆ هەر ڕۆژێك كیلۆیەك و سەد وبیست وپێنج گرام دەبێت بدات .

---

(1) بوخاری بە ژمارە (4505) ڕیوایەتی كردووە لە ( كتاب الصيام ) .

خۆ ئەگەر هاتوو ئەو نەخۆشەیش کە ئومێدی چاك بونەوەشی لێ ناکرێت ڕۆژووی نەشکاندن وبەڕۆژوو بوو، ڕۆژووەکەی دروستە .

**دووەم :** سەفەر کردن : گەشتیار (موسافیر ) ئەگەر هاتوو لە ڕەمەزاندا سەفەری کرد ئەوا دروست بۆی ڕۆژوو نەگرێت، ولەپاش تەواو بوونی مانگی رەمەزان بیانگرێتەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : : ﴿أَيَّامًا مَّعْدُودَاتٍ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [ البقرة: ١٨٤ ] .

واتا : ئەو ڕۆژوو گرتنە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوە کە ڕۆژانی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزە، بەڵام ئەگەر یەکێکتان نەخۆش کەوت، یاخود کەوتە ناو سەفەر، ئەوە دەتوانێت بەڕۆژوو نەبێت و لەڕۆژانی دوای ڕەمەزاندا بە قەزا بیگێڕێتەوە.

هەروەها فەرموویەتی : ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ الشَّهْرَ فَلْيَصُمْهُ ۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّنْ أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ [ البقرة: ١٨٥ ] .

واتا : جا کەسێك لە ئێوە مانگی ڕەمەزانی بینی (یان هەواڵی بینینی پێدرا)، دەبا ئەو مانگە بەڕۆژوو بێت، ئەوەش کە نەخۆش بێت یان لە سەفەردا بێت با لەڕۆژانی تردا بەو ئەندازە بیگرێتەوە .

وە کاتێك لە پێغەمبەری خوایان پرسی ( صلى الله عليه وسلم ) سەبارەت بەڕۆژوو گرتن لەسەفەردا، فەرمووی : { إن شئت فصم، وإن شئت فأفطر } [(1)] .

واتا : ئەگەر وویستت بەڕۆژووبە، وە ئەگەر نەیشت وویست ئەوا بەڕۆژوو مەبە .

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) کەوتە ڕێ بەرەو شاری مەککە وبەڕۆژوو بوو، جا کاتێك نارەحەت بوو ڕۆژووەکەی شکاند، وپاشان خەڵکیش شکاندیان [(2)].

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1943) ڕیوایەتی کردووە .
(2) بوخاری بە ژمارە (1944) ڕیوایەتی کردووە .

ئەو سەفەرەیش كە دروستە مرۆڤ تیایدا بەڕۆژوو نەبێت هەر ئەو سەفەرەیە كە دروستە نوێژەكانیشی تێدا كورت بكەیتەوە، كە بە (48) چل وهەشت میل مەزەندە كراوە، كە دەكاتە نزیكەی هەشتا كیلۆ مەتر .

ئەو سەفەرەیش كە دروستە بەڕۆژوو نەبیت دەبێت سەفەرێكی موباح بێت، خۆ ئەگەر هاتوو سەفەرەكەی بۆ كارێكی تاوان وگوناهـبوو یان دەیویست بەهۆی سەفەر كردنەوە بەڕۆژوو نەبێت، ئەوا دروست نیە ڕۆژووی تێدا بشكێنرێت .

وە ئەگەر هاتوو ئەو موسافیر وگەشتیارەی كە دروستە بەڕۆژوو نەبێ، بەڵام ڕۆژوویان گرت ئەوا ڕۆژووەكەیان ڕاست ودروستە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی كە ئەنەسی كوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : " **كنا نسافر مع النبي ( صلى الله عليه وسلم ) فليم يعب الصائم على المفطر، ولا المفطر على الصائم** " [(1)] .

واتا : لەگەڵ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) سەفەرمان دەكرد، ئەو كەسانەی كە بەڕۆژوو دەبوون تانەیان نەدەدا لەوانەی كە بەڕۆژوو نەدەبوون، وە هەروەها ئەوانەش كە بەڕۆژوو نەدەبوون تانەیان نەدەدا لەوانەی كە بەڕۆژوو بوون .

بەڵام بەو مەرجەی كە ڕۆژوو گرتن خاوەنەكەی لەو سەفەرەدا ناڕەحەت نەكات، چونكە ئەگەر هاتوو ناڕەحەت بوو بۆی، یان زیانی پێدەگەیاند، ئەوا لە دەرهەقی ئەو كەسەدا ڕۆژوو نەگرتن باشترە وئەفزەلترە، ئەویش لەپێناو دەستگرتن بەو ڕوخصەتەی كە خوای گەورە داویەتی بە بەندەكانی، چونكە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە یەكێك لە سەفەرەكانیدا پیاوێكی ڕۆژەوانی بینی كە لەبەر گەرما سێبەریان بۆ كردبوو، وە لەچوار دەوری كۆ بوو بوونەوە، ئەویش لەو كاتەدا فەرمووی : { **ليس من البر الصيام في السفر** } [(2)]، واتا : - ئەگەر مرۆڤ بەڕۆژوو بێت لەسەفەردا و حاڵی بگاتە ئاوەها حالێك – كارێكی خێر باش نیە مرۆڤ لە سەفەردا بەڕۆوو بێت .

---

(1) بوخاری بە ژمارە (1947) ڕیوایەتی كردووە .
(2) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1946) ڕیوایەتی كردووە .

**سێهەم :** سوڕی مانگانە و خوێنی منداڵ بوون : ئەو ئافرەتەی کە دەکەوێتە سوڕی مانگانە، یان خوێنی منداڵ بوونەوە، ئەوا واجبە لە مانگی ڕەمەزاندا بەڕۆژوو نەبن، و حەرامە کە بەڕۆژوو بن، وە ئەگەر هاتوو بەڕۆژوویش بوون ڕۆژوەکەیان صەحیح ودروست نیە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو سەعیدی خودری ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتی کردووە، کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم؟ فذلك من نقصان دينها } [1] .

واتا : ئایا ئەگەر ئافرەت کەوتە سوڕی مانگانەوە نابێت کە نوێژ نەکات و بەڕۆژوویش نەبێت ؟ ئا ئەوە مانای ناتەواوی ئاینەکەیەتی .

بەڵام دەبێت پاش مانگی ڕەمەزان قەزای بکەنەوە و بیگرنەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ووتەیەی عائیشەی دایکی باوەڕداران ( خوای لێ ڕازی بێت ) کە ووتویەتی : " **كان يصيبنا ذلك، فنؤمر بقضاء الصوم، ولانؤمر بقضاء الصلاة** " [2] .

واتا : کاتێك ئێمەی ئافرەتان کە دەکەوتینە سوڕی مانگانەوە فەرمانمان پێدەکرا کە ڕۆژوەکانمان بگرینەوە، بەڵام فەرمانمان پێنەدەکرا کە نوێژەکانمان بکەینەوە .

**چوارەم :** سکپڕی و شیردان : ئافرەتان ئەگەر هاتوو سکیان پڕ بوو یان شیریان دەدا بە منداڵ، وە ترسیان لەخۆیان یان لە منداڵەکانیان هەبوو کە بەهۆی ڕۆژوو گرتنەوە زیانیان پێ بگات، ئەوا دروستە بۆیان بەڕۆژوو نەبن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەنەسی کوڕی مالیك ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەیگێڕێتەوە ودەڵێت : پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { إن الله وضع عن المسافر شطر الصلاة وعن الحبلى والمرضع الصوم } [3] .

(1) بوخاری به فەرموودەی ژمارە (304) ڕیوایەتی کردووە .
(2) موسلیم بە ژمارە (335) ڕیوایەتی کردووە .
(3) تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (715) ڕیوایەتی کردووە، و بەفەرموودەیەکی حەسەنیشی داناوە، هەروەها نەسائیش ڕیوایەتی کردووە (103/2)، وە بان ماجە بە فەرموودەی ژمارە (1667) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : ( صحيح سنن النسائي ژمارە (2145) .

واتا : خوای گەورە نیوەی نوێژی لەسەر کەسی موسافیر هەڵگرتووە، وە لەسەر ئافرەتی سکپڕ و شیردەریش ڕۆژوو گرتنی هەڵگرتووە .

ئافرەتی سکپڕ وشیردەر ئەگەر هاتوو لەبەر ترس لەگیانی خۆیان بەڕۆژوو نەبوون، لەبری هەر ڕۆژێك کە شکاندویانە دەبێت پاش مانگی ڕەمەزان ڕۆژێك بەڕۆژوو ببنەوە، خۆ ئەگەر هاتوو لەگەڵ ئەوەشدا ترسی کۆرپەلەکەی ناوسکیان، یان منداڵە شیرخۆرەکەشیان هەبوو، ئەوا دەبێت لەگەڵ گرتنەوەی ڕۆژوەکانیاندا خواردنی هەژارێکیش بدەن، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ووتەیەی کە عەبدوڵای کوڕی عەباس (خوایان لێ ڕازی بێت) کە دەڵێت : " **والمرضع والحبلى إذا خافتا على أولادهما أفطرتا، وأطعمتا** " (1) .

واتا : ئافرەتی شیردەر و سکپڕ ئەگەر هاتوو لەبەر تەندروستی منداڵەکانیان بەڕۆژوو نەبوون، ئەوا لەگەڵ گرتنەوەی ڕۆژوەکەدا خواردنی هەژارێکیش دەدەن .

لە کۆتایی ئەم بابەتەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی ئەو هۆکارانەی کە ڕۆژوو نەگرتن ڕێگا پێدەدەن چوارن : سەفەرکردن، ونەخۆشی، وسوڕی مانگانە و خوێنی منداڵ بوون، وترسان لە تیاچوون وفەوتان وەك لەحاڵی سکپڕی وشیرداندا دەرکی پێدەکرێت .

## بابەتی دووەم : ئەو شتانەی کە ڕۆژوو دەشکێنن :

ئەویش بریتین لەو شتانەی کە ڕۆژووی ڕۆژوەوان خراپ دەکەن و دەیشکێنن، ڕۆژوەوان بە کردنی یەکێك لەم شتانەی خوارەوە ڕۆژوەکەی دەشکێت وبەتاڵ دەبێتەوە : -

**یەکەم: خواردن وخواردنەوە بە دەست ئەنقەصد وعەمدی**، وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَكُلُوا۟ وَٱشۡرَبُوا۟ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ ﴾ [البقرة: ١٨٧ ] .

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2317) و (2318) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی صەحیحی داناوە، بڕوانە الإرواء (2518/4) هەروەها عەبدوڵای کوڕی عومەریش هەر بەو شێوەیە ڕیوایەتی کردووە .

واتا : وە بخۆن وبخۆنەوە، تا ئەوكاتە هەوداى سپيايى دەمەوبەيان لەنێو هەوداى ڕەشى شەو لەڕۆژهەڵاتەوە دەردەكەوێ و جيائەبێتەوە ئينجا دوايى لەسەر ڕۆژوو گرتنەكەتان بەردەوام بن تا ڕۆژئاوا دەبێت .

ئەم ئايەتە پيرۆزە ڕونى كردوەتەوە كە خواردن وخواردنەوە دروست نيە بۆ ڕۆژوەوان لەپاش هەڵهاتنى سپێدەى بەيانيەوە هەتاوەكو ڕۆژ ئاوا دەبێت، بەڵام ئەگەر كەسێك لەبيرى چوو، نەيزانى كە بەرۆژووە وشتێكى خوارد يان خواردیەوە ئەوا ڕۆژووەكەى دروستە، بەڵام واجبە ئەو ساتەى كە بيرى دێتەوە كە بەڕۆژووە واز لەخواردن وخوادرنەوەى بهێنێت ودەستى لێهەڵبگرێت، ئەويش بە بەڵگەى ئەو فەرموودەيەى كە پێغەمبەرى خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموويەتى : { من نسي وهو صائم، فأكل أو شرب، فليتم صومه، فإنما أطعمه الله وسقاه } [1] .

واتا : هەر كەسێكى ڕۆژوەوان لە بيرى چوو كە بەڕۆژووە، و خواردى يان خواردیەوە، ئەوە با ڕۆژوەكەى تەواو بكات، چونكە ئەوە خواى گەورە خواردن وخواردنەوەى پێداوە .

وە ڕۆژوو بە قەترە كردنە ناو لوتەوە دەشكێت، وە بەهەر شتێكى تريش كە بگاتە ناو سكى مرۆڤ، تەنانەت ئەگەر لە ڕێگاى دەميشەوە نەبێت، كە لە حوكمى خواردن وخواردنەوە دابن، وەك دەرزى موغەزى لە خۆدان .

**دووەم : جيماع و سەرجێى كردن لەگەڵ ئافرەت :** ڕۆژوو بە جيماع وسەرجێى كردن لەگەڵ ئافرەت بەتاڵ دەبێتەوە، بۆيە هەر ڕۆژوەوانێك سەرجێى بكات ئەوا ڕۆژووەكەى بەتاڵ دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت لەوكارەى تەوبە بكات وداواى لێخۆش بوون لەخواى گەورەش بكات، وە پاشانيش قەزاى ئەو ڕۆژە بكاتەوە وكەفارەتيش بدات، كە بريتيە لە ئازادكردنى كۆيلەيەك، ئەگەر كۆيلەى دەست نەكەوت ئەوا دوو مانگ لەسەريەك

---

(1) بوخارى بە فەرموودەى ژمارە (1933)، وموسليم بە فەرموودەى ژمارە (1155) ڕيوايەتيان كردووە، لە ئەبو هورەيرەوە (خواى لێ ڕازى بێت ) .

بەڕۆژوو بێت، وە ئەگەر نەیتوانی دوو مانگ لەسەر یەك بەڕۆژوو بێت، ئەوا خواردنی شەست هەژار بدات، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە، ودەڵێت: { بينما نحن جلوس عند النبي صلى الله عليه وسلم إذ جاءه رجل فقال يا رسول الله، هلكت، قال (مالك؟) قال وقعت على امرأتي وأنا صائم، فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم (هل تجد رقبة تعتقها؟) قال لا، قال (فهل تستطيع أن تصوم شهرين متتابعين؟) قال لا، قال (فهل تجد إطعام ستين مسكينًا؟) قال لا، فمكث عند النبي صلى الله عليه وسلم، فبينا نحن على ذلك أُتي النبي صلى الله عليه وسلم بعَرَقٍ فيها تمر والعرق المكتل قال (أين السائل؟) فقال أنا، قال (خذ هذا فتصدق به) فقال الرجل على أفقر مني يا رسول الله؟ فوالله ما بين لابتيها يريد الحرتين أهل بيت أفقر من أهل بيتي، فضحك النبي صلى الله عليه وسلم حتى بدت أنيابه، ثم قال ( أطعمه أهلك ) } [1] .

واتا: لەکاتێکدا لای پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) دانیشتبووین، پیاوێك هاتە خزمەتی و پێی ووت: ئەی پێغەمبەری خوا تیاچووم، ئەویش پێی فەرموو: لەبەرچی تیاچوویت؟ پیاوەکە ووتی: لەکاتێکدا کە بەڕۆژووو بووم چوومە لای خێزانەکەم وسەرجێیم لەگەڵ کرد، پێغەمبەری خوایش (صلى الله عليه وسلم) لەوەڵامیدا فەرمووی: ئایا کۆیلەیەك شك دەبەیت کە ئازادی بکەیت؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، ئەمجا پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لێی پرسی ئایا دەتوانیت دوو مانگ لەسەریەك بەڕۆژوو بیت؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو: ئایا دەتوانیت نانی شەست هەژار بدەیت؟ پیاوەکە ووتی: نەخێر، پاشان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) ماوەیەك بەو شێوەیە مایەوە، وئێمەیش هەرلای ئەو مابوینەوە، پوشێك یان زەمیلەیەك خورمایان هێنا بۆ پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم)، وپرسی ئەوە کوا ئەو پیاوەی پرسیاری دەکرد؟ پیاوەکە ووتی: ها ئەوە منم، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) پێی فەرموو:

(1) بوخاری بە فەرموودەی ژمارە (1936)، وموسلیم بە فەرموودەی ژمارە (1111) ڕیوایەتیان کردووە .

ها ئەوە بگرە وبیکە بەخێر وصەدەقە، پاشان پیاوەکە ووتی : ئەی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) دابەشی بکەم بەسەر لەخۆم هەژارتر؟ سوێند بێت بەخوای گەورە لەنێوان ئەم دوو چیادا ماڵێکی تر لەخۆم هەژارتر شك نابەم، پێغەمبەری خوایش ( صلی اللە علیە وسلم ) پێکەنی تا ئەو ئەندازەیەی دانەکانی پێشەوەی بەدەرکەوتن، پاشان فەرمووی : دەی کەواتە دەرخواردی ماڵومناڵتی بدە .

هێنانەوەی شەهوەت ومەنیش بە دەستی خۆ هەر هەمان حوکمی جیماع وسەرجێی هەیە، واتا ڕۆژووی پێ بەتاڵ دەبێتەوە، جا ئەگەر هاتوو ڕۆژەوان بە ئیختیار و ئارەزووی خۆی بە ماچ کردن یان دەست لێدان ویار وگەمە کردن یان بە دەستپەڕ وهاوشێوەکانی ئاوی خۆی هێنایەوە ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، چونکە کارێکی لەو شێوەیە لە شەهوەت وئارەزووەیە کە پێچەوانەی ڕۆژووگرتنە، بۆیە دەبێت قەزای ئەو ڕۆژە بکاتەوە بەڵام کەفارەتی لەسەر واجب نیە، چونکە کەفارەت بە غەیری جیماع وسەرجێی کردن واجب نابێت، چونکە دەقی فەرموودەکە تایبەتە بە جیماع وسەرجێییەوە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ڕۆژەوان لەشی گران وئیحتلام بوو، یان بە بی شەهوەت ئاوی هاتەوە، وەك ئەو کەسەی تووشی نەخۆشیەکی وابوو کە لەخۆیەوە هەندێك جار ئاوی دەهاتەوە، ئەوا ڕۆژووەکەی بەتاڵ نابێتەوە، چونکە بە ئارەزووی خۆی نەبووە .

**سێهەم : خۆڕشاندنەوە بە ئەنقەصد وعەمدی** : ئەویش بەوە دەبێت ئەوەی لە گەدەدا هەیە لەخواردن وخواردنەوە لەڕێگای دەمەوە بهێنرێتە دەرەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو بەدەستی خۆی نەبوو، وە ڕشانەوە زۆری بۆهێنا و ڕشایەوە ئەوا ڕۆژووکەی ناشکێت وکاریگەری

نابێت لەسەر ڕۆژووەکەی، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { من ذرعه القيء فليس عليه قضاء, ومن استقاء عمدا فليقض } [1] .

واتا : هەر کەسێك ڕشانەوە زۆری بۆ هێناو ڕشایەوە، ئەوا قەزای لەسەر نیە - واتا : ڕۆژوەکەی ناشکێت -، وە هەرکەسێك بە دەست ئەنقەصد خۆی ڕشاندەوە ئەوا دەبێت ڕۆژوەکەی قەزا بکاتەوە .

**چوارەم : کەڵەشاخ گرتن :** کە مەبەست پێی دەرهێنانی خوێنە لە پێستەوە بەبێ دەمار، بۆیە هەرکاتێك ڕۆژوەوان کەڵەشاخی گرت ئەوا ڕۆژوەکەی بەتاڵ دەبێتەوە، بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : { أفطر الحاجم والمحجوم } [2] .

واتا : ئەو کەسەی کەڵەشاخ دەگرێت وئەو کەسەشی بۆی دەگیرێت ڕۆژووی هەردووکیان دەشکێت .

هەروەها ڕۆژوی ئەو کەسەش کەڵەشاخەکە دەگرێت دەشکێت، ئیلا مەگەر هاتوو بە ئالەت وئامێرێك کەڵەشاخەکە بگرێت کە پێویستی بە خوێن هەڵمژین نەبێت، چونکە ئەگەر هاتوو وابوو ئەوا خوای گەورە زاناترە ڕۆژووی کەسی کەڵەشاخگر ناشکێت، بەڵام ڕۆژووی ئەو کەسەی بۆی گیراوە هەر دەشکێت .

هەروەها هێنانە دەرەوەی خوێن لەڕێگای دەمارەکانەوە بەمەبەستی بەخشینی بەکەسانی تر هەمان حوکمی کەڵەشاخی هەیە و ڕۆژووی پێدەشکێت، بەڵام خوێن بەربوون لەڕێگای برینەوە، یان لەکاتی دان هەڵکێشان وخوێنی لووت بەربووندا هیچ

(1) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2380)، وە تیرموذی بە فەرموودەی ژمارە (720) ڕیوایەتی کردووە، و وە ابن ماجه بە فەرموودەی ژمارە (1667) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە فەرموودەیەکی حەسەنی داناوە، بڕوانە : ( صحيح ابن ماجه ژمارە (1368) .

(2) ئەبو داود بە فەرموودەی ژمارە (2367)، وە ابن خزيمة بە فەرموودەی ژمارە (1983) ڕیوایەتی کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە سەنەدەکەی بە سەنەدێکی صەحیح داناوە، بڕوانە پەرتووکی ( التعليق على ابن خزيمة 236/3) .

گرفتێك دروست ناكات وڕۆژووی پێناشكێت، چونكه مانای كەڵەشاخ ناگەیەنێت و وەك ئەو نیە .

**پێنجەم : سوڕی مانگانە و خوێنی منداڵ بوون :** هەركاتێك ئافرەت خوێنی سوڕی مانگانە یان منداڵ بوونی بینی ئەوا ڕۆژوەكەی دەشكێت، وە واجبە پاشان قەزای بكاتەوە و بیگرێتەوە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی پێشتر باسمان كرد، كە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : { أليس إذا حاضت لم تصل ولم تصم؟ فذلك من نقصان دينها } [1] .

واتا: ئایا ئەگەر ئافرەت كەوتە سوڕی مانگانەوە نابێت كە نوێژ نەكات و بەڕۆژوویش نەبێت ؟ ئا ئەوە مانای ناتەواوی ئاینەكەیەتی .

**شەشەم : نیەتی ڕۆژوو شكاندن :** هەركەسێك بەڕۆژوو بێت وپێش كاتی بەربانگ كردنەوە نیەت بهێنێت ڕۆژووەكەی بشكێنێت ئەوا ڕۆژووكەی بەتاڵ دەبێتەوە، ئەگەر هیچ شتێكی لەو شتانەش ئەنجام نەدابێت كە ڕۆژوو دەشكێنن، چونكە نیەتهێنان یەكێكە لە روكنەكانی ڕۆژووگرتن، بۆیە ئەگەر هاتوو ئەو ڕوكنەی بەتاڵ كردەوە بە نیەت هێنان بە شكاندنی ڕۆژووەكەی بە ئەنقەصد ئەوا ئەو كەسە خۆی ڕۆژووەكەی بەتاڵ كردوەتەوە .

**حەوتەم : پاشگەز بوونەوە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام :** چونكە پاشگەز بوونەوە لە ئاین دژ وپێچەوانەی عیبادەتكردنە لە ئیسلامدا، وە عیبادەت كردن لەسەر بنەمای باوەر هێنان دادەمەزرێت و خوای گەورە وەری دەگرێت، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی كە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ لَئِنْ أَشْرَكْتَ لَيَحْبَطَنَّ عَمَلُكَ ﴾ [ الزمر: ٦٥ ] .

واتا : ئەگەر هاوەڵگەر بیت و شەریک بۆ خوا بڕیار بدەیت كاروكردەوە چاكەكانیشت پووچەڵ دەبنەوە .

---

(1) بوخاری به فەرموودەی ژمارە (304) ڕیوایەتی كردووە .

لەکۆتاییەوە داواکارین لەخوای گەورە ڕۆژوو طاعەت وعیبادەتەکانمان لێ وەر بگرێت

وصلی الله وسلم علی نبینا محمد وعلی آله وصحبه وسلم